# زانیاریی پڕاگماتیکی لە کرداردا

**د. تریفە عمر احمد**

**زانكۆی سلێمانی- سكوڵی زمان/ بەشی كوردی**

**پێشەكی:**

**کردار لە زمانی کوردیدا سەری حکومکەرەو داڕێژەری پڕۆژەی سینتاکسییە، کە پشت بە زانیاریی فەرهەنگی دەبەستێت و بەپێی وەچەتیۆری-پۆلەڕەگەز-دیاریکردن، فەرهەنگ هۆکاری بەرجەستەکردنی ئەم دروستە سینتاکسییەیە، بەپێچەوانەشەوە سینتاکس دەرخەری زانیاریی فەرهەنگییە.[*] لەم لێکۆڵینەوەیەداو بە پشتبەستن بە تیۆری پڕۆتۆتایپ و بەپێی ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە، هەوڵدراوە مەیلی بوون بەپڕاگماتیکی هەندێ لە کردارەکانی زمانی کوردی بسەلمێنرێت، هەروەها وەڵامی ئەو پرسیارەش بدرێتەوە، کە ئایا ئەم چەشنە زانیارییە بەپێی وەچەتیۆری - پۆلەڕەگەز-دیاریکردن کاریگەریی لەسەر دروستە سینتاکسییەکە هەیە؟ بۆ ئەم مەبەستەش کردار بەپێی ئەندامە پڕۆتۆتایپییەکەی کەتیگۆرییەك لە سنوری رستەو دەربڕاوەکاندا شیکراوەتەوەو جیاوازیی کردارە پڕۆتۆتایپی و نا-پڕۆتۆتایپییەکان خراوەتەڕوو، هەر ئەمەش بووەتە وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارەی، کە ئایا زانیاریی پڕاگماتیکی پەیوەست بە چەشنە کۆزانیارییەکان دەبێتە بەشێك لە دەروازەی فەرهەنگی کردارەکان، یان نا.**

**کلیلی لێکۆڵینەوەکە: فەرهەنگ، چەشنە زانیارییەکان و تیۆری پڕۆتۆتایپ.**

## ١. فەرهەنگ و دەروازەی فەرهەنگیی

**چۆمسکی لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا، فەرهەنگ بەو بنەمایە دەناسێنێت، کە ئاستی قوڵ، بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی پشتپێدەبەستێت و ڕۆڵی بابەتانە بە کەرەستە سینتاکسییەکە دەبەخشێت. بەپێی تیۆرییەکەی چۆمسکی "فەرهەنگ وەك وشەنامە لە ژمارەیەك یەکەی فەرهەنگی پێکهاتووە، کە ئەم یەکانە بریتین لە مۆرفێمە سەرەکییەکان و هەڵگری زانیاریی فۆنەتیکی و واتایین،"[١] هەروەها فەرهەنگ بری ئەو زانیارییەی تێدایە، کە بەهۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە داوادەکرێت، وەك زانیاریی سینتاکسی و زانیاریی مۆرفۆلۆژی، کە بە دەروازەی فەرهەنگی یان دەروازەی زانیاری ناودەبرێت.[٢] بەمپێیە فەرهەنگ هەڵگری**

---

[*] لێکۆڵەرەکان لە بواری لێکۆڵینەوەی کردار لە زمانی کوردیدا، بەرجەستەی ئەو ئەنجامەیان کردووە، کە فۆڕمی کردار فۆڕمێکی داڕێژراوە بە (کات و کەس)، لە بەرامبەریشدا بۆنمونە فۆڕمەکانی (نوسین، هەڵهاتن، نانخواردن) بە (کرداری ناوی/ ناوی رووداو/ چاوگ) دانراون، نەك (کردار)، ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەر دەکەین، (کردار)ە، نەك فۆڕمی (کرداری ناوی)، بۆیە فۆڕمەکان بە (کردار) ناوبراون.

[1] Steinberg, (1991, 35)

[٢] بڕوانە محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٦، ١٢)... هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی فەرهەنگی ئاوەزیی، بڕوانە:
Kersten, The Mental Lexicon and Vocabulary Learning, Narr Verlag, Francke, 2010.

زانیاریی سینتاکسیو واتاییەو هۆکارێکە بۆئەوەی "ئاخێوەری گشت زمانێك، دروستەی دروستو واتاڕاستو پێچەوانەکەی بناسێتەوە"[1].

فەرهەنگ بەپێی ئەو یاسایانەی حوکمی دەکات، هەروەك یاسای چۆنێتیی داڕشتنی کەرەستە فەرهەنگییەکان لەناو یەکەی گەورەتردا، یاسای چۆنێتیی هەڵگواستنی کەرەستە فەرهەنگییەکانو پاشان یاسای کۆتوبەندەکان، کە بەسەر دروستە فەرهەنگییەکانەوە مەرج دادەنێن، پێویستە چوار جۆر زانیاری لەخۆبگرێت، وەك بەشەکانی ئاخاوتن، ژمارەی واتاگەلییەکانی، تایبەتییە سیمانتیکییە پێڕەوبەندەکانیو نیشانە ناوازەکانی.[2]

جگە لەم لایەنە تیۆرییەی فەرهەنگ، کە هەڵگری کۆی زانیارییە زمانییەکانەو بە لێکسیکۆن Lexicon ناودەبرێت، هەروەها زمانەوان تاماریز Tamariz لە پێناسەکردنی فەرهەنگدا گریمانەی ئەوە دەکات، کە "رێکخراوەیی فەرهەنگ بنەمای پەیوەندێتی نێوان وشەکانە،"[3] بەو واتایەی، هێزی کارپێکردنی وشەکان بۆ رێکخراوەیی دروستەی فەرهەنگیی دەگەڕێتەوە، بۆنمونە دروستەیەکی سینتاکسی، بەهۆی یەکە فەرهەنگییەکانەوە بەرهەمدێت.

لە فەرهەنگی ئاوەزیدا Mental lexicon، کە بە ئەنالۆژی وشەنامەکەی ناو مێشکە، جەخت لەو زانیارییانە کراوەتەوە، کە پەیوەستە بە هەرسێ ئاستی فۆنەتیكو سینتاکسو سیمانتیکەوە، وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، ئەم زانیارییانە بە دەروازەی زانیاریی/ فەرهەنگیی Lexical Entry ناوبراوەو دەستپێداگەیشتنی ئەم زانیارییانەش لە فەرهەنگی ئاوەزیدا، بۆ کردەی پەیوەندیو لەیەکگەیشتن پێویستە، بەو مانایەی دەبێت دەستمان بە واتای ئەو فۆڕمانە بگاتەوە، کە بۆ گوزارشتەکانمان دەریدەبڕین، لەگەڵئەوەشدا فەرهەنگی ئاوەزیی وەك مۆدیلێك "چەشنی پەسەنکردنی دونیاو جیهانی دەرەوەی قسەپێکەران رووندەکاتەوە"[4].

فۆڕمە زمانییەکانی فەرهەنگی ئاوەزیش بەشێوەی باو Conventionalو ناپێکهاتەیین Non-compositional، کە کەرەستەی جیاوازیی وەك مۆرفێم، وشە، کۆمەڵەوشە Collocationو ئیدیەمەکان، کە بە لێکسیم دەناسێنرێن، گرتووەتەخۆ.

بەگشتی فەرهەنگ سێ بابەت لەخۆدەگرێت، وەك وشە تۆمارکراوەکان Word Stores، دەروازەی فەرهەنگی Lexical Entryو بەشکردن Partitioning. مەبەست لە وشە تۆمارکراوەکان أ. ئەو وشانەن، کە لە مێشکی قسەکەردا گەنجکراون، ئەم چەشنە بریتییە لە فەرهەنگی ئاوەزیی ناو مێشكو ئەو فەرهەنگەی بەپرۆگرامدەکرێت لەنێو ئامێرە کۆمپیوتەرییەکاندا، لەلایەکی دیی ب. ئەو وشانەی لە چوارچێوەی کتێبێکدا تۆمارکراوەو بە وشەنامە ناودەبرێت.

---

[1] عەبدولجەبار مستەفا، نواندنی زانیارییە زگماکییەکانو دروستەی فۆرمە گۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ.٣٨، کانونی دووەمی ٢٠١٣

[2] بڕوانە: شیلان عومەر، (٢٠١١، ٥٦–٦٠)

[3] Tamariz, (2003, 2)

[4] ئاڤێستا کەمال، (٢٠١٢، ١٤١)

دەروازەی فەرهەنگی، زانیارییە زمانییەکانی وەك زانیاریی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس و زانیاریی چەمکی) پەیوەست بە یەکە فەرهەنگییەکانەوە لەخۆدەگرێت، کە لە وشەنامەدا تۆمارکراون. بەمەش یەکەیەکی دەستپێداگەیشتوو Unit access کە پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی زمان و درکپێکردن و ئیستیعابکردنەوە، بەهۆی ئەو زانیارییانەوە دیاریدەکرێت. زۆربەی زمانەوانانی بواری دەروونی پێیانوایە، کە دروستەی چەمکی لە دەروازەی فەرهەنگیدا لە دوو بەش پێکهاتووە: ١. فۆرم form کە دروستەی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی دەگرێتەوە، ٢. لێما Lemma، ئەمیش بریتییە لە زانیاریی سینتاکسی و سیمانتیکی.

بەشکردن Partitioning لە دەروازەی فەرهەنگیدا بریتییە لە هەندێ حاڵەتی بەرهەمهێنانی زمان، کە تیایدا لێما و فۆرم بەشدەکرێن وەك دیاردەی زمانگرتن.[1]

بەگشتی فەرهەنگی زمانێك بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەربارەی وشە و گوزارشتە زمانییەکانی ئەو زمانە، ئەمەش ئاماژە بە أ. وشەنامە، بەتایبەت وشەنامەی زمانی ئاسایی classical language، ب. فەرهەنگی زمان vocabulary of language وەك وشەکانی زمانێکی دیاریکراو، پ. بەکارهێنانی کۆزانیاریی زمانێکی دیاریکراوی وشەکانی زمان، دەدات، بەمپێیە فەرهەنگ لە "لێما و هەموو جۆرەکانی چەمك، زانیاریی سیمانتیکی، سینتاکس و پراگماتیکی، پەیوەست بە لێکسیمەکانەوە پێکهاتووە"[2].

ئەمەش ئەوە دەردەخات، فەرهەنگ پێکهاتەی سایکۆلۆژیی زانیارییە لێکسیکییەکانە، کە بەپێی دەروازەی زانیاری رێکخراوە، هەروەك رێکخستنی لێماکان بەپێی سیستەمی ئەلفبێ، زانیاری دەربارەی پۆلەرەگەز، دەنگ، واتا، بۆنمونە دەروازەی زانیاریی وشەیەکی وەك (شار)، جگەلە پۆلەرەگەز (ناو)، دەربڕین و واتا سیمانتیکییەکەی، فۆرمە جیاوازە هەڵگواستراوەکانیشی هەروەك (شارچێتی، شارەوشار، شاریی) تێدایە، بەهەمانشێوە لە دیاریکردنی کردارێکی وەك (مرد) ویڕای زانیاری دەربارەی پۆلەرەگەز و دەربڕین و واتاکەی، زانیاریی جۆری کردارەکەشی تێدایە، کە تێنەپەرە، واتە زانیاریی سینتاکسیشی تێدایە، هەروەها بۆ پۆلەرەگەزەکانی دیکەش بەهەمانشێوە خراونەتەڕوو.

١. [مرد:] ف ن ← ئەو مرد.

فیلمۆر Fillmore دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکان بەو زانیارییانە وەسفدەکات، کە رۆڵی بەشداریکەرانەیان لە یەکلایکردنەوەی چێوەی سیمانتیکیی کردارەکەدا هەیەو مەرج، یان کۆتوبەند بۆ واتای سیمانتیکیی کردارەکە دادەنێن، هەروەك ئەو ئارگیومێنتەی کرداری (مردن) داوایدەکات، پێویستە مرۆڤ بێت، ئەمەش لە دوتوێی وەچە تیۆرێکدا باسکراوە، کە بە سێتا تیۆری Theta theory ناودەبرێت.

---

[1] لەنوسینی ئەم برگەیەدا کەڵکم لە موحازەرەیەکی پرۆفیسۆر د. Jürgen Handke لە زانکۆی ماربوگ Marburg پسپۆڕ لە زانستی زمانی کۆمپیوتەر، کە لە ساڵی ٢٠١٢ لە ژێر ناوی psycholinguistics- the Lexicon وتویەتییەوەو لە پێگەی YouTube بڵاوکراوەتەوە. http://www.youtube.com/watch?v=x8HIAVTeGNk

[2] Kersten, (2010, 8)

"بەپێی ئەم تیۆرییە وەهادانراوە، کە کردار بەپێی ئەو زانیارییە فەرهەنگیانەی کە لە تۆمارە فەرهەنگییەکەیدا Entry Lexical تۆمارکراون، بڕیار دەدات کام دروستانەی ئارگیومینتەکان دەربکەون. "[1] هەروەك لە (١)دا کرداری (مردن) دروستەی رستەکە وەك بکەر، یان تەواوکەر دیاریدەکات، بەمەش لە فەرهەنگەوە ئاستی قووڵی ڕستە دیاریدەکرێت.

لە سیستمی سینتاکسیی زمانی کوردیدا، جێکەوتەی کردار لای چەپ لە کۆتایدایەو حوکمی پێکهاتەکانی لای راست دەکات، بەجۆرێك بەپێی وەچەتیۆری – پۆلەرەگەز-دیاریکردن Sub-categorization هەرچی کرداری تێنەپەرە داوای ئارگیومێنتیکی دەرەکیو هەرچی تێپەرە داوای ئارگیومێنتیکی ناوەکی دەکات، کۆی ئەم پرۆسەیەش بەپێی چوار رێسا جێبەجێدەبێت، کە هەریەك لە " ١. کردار لە فەرهەنگدا لە شێوەی کرداری ناوی یان ناوی روداودا هەڵگیراوە، بە هەموو زانیارییە فەرهەنگیەکانیەوە- زانیاری فۆنۆلۆژی، سینتاکسیو سیمانتیکی- دێتە ئاستی قوڵی رستەوەو دوای ئەوە چالاکدەکرێن. ٢. کردار لە زمانی کوردیدا، لە چەپەوە بۆ لای راست حوکمدەکات. ٣. کردار رۆڵی بابەتانە دەدەن. ٤. تیۆری رۆڵی بابەتانە لە فەرهەنگو ئاستی قوڵدا جێبەجێدەبێت، لە ئاستی روکەشیشدا تیۆری دۆخی رێزمانیو رێزمانی بارو حاڵەت پیادەدەکرێنو رۆڵدەبینین. "[2]

٢. أ. خواردن: { ف ن، ف ك }← ئەو نانەکەی خوارد.

ب. /خواردن/ {+ خواردن، + گیانلەبەر، + جوین، + هەرسکردن... }

کرداری (خواردن) ئەو ئارگیومێنتانەی لە (أ)دا داوایدەکات، دەبێتو پێویستە بەپێی فیچەرە واتاییەکانی (ب) سنوربەند بکرێت، بەمەش دەربرینێکی وەك (٣)، بەپێی دەروازەی زانیارییە تۆمارکراوەکانی کرداری (خواردن) واتا- ناڕاستە:

٣. أ. * ئازاد بەرد دەخوات.

ب. *بەرد ئازاد دەخوات.

ئەو ئارگیومێنتانەی کرداری (خواردن) داوایدەکاتو رۆڵی بابەتانەی پێدەبەخشێت، پێویستە تۆری واتایی رستەکە پێکبهێنن، ئەمەش کاتێك دروستدەبێت، کە هەر ئارگیومێنتێك یەك رۆڵی بابەتانەی هەڵگرتبێتو کرداریش تەنها یەك رۆڵی بابەتانە بە ئارگیومێنتەکانی دەدات، بەمەش ئارگیومێنتی دەرەکی دەبێت (+ گیانلەبەر) بێت، لەکاتێکدا ئارگیومینتی بکەریی لە (ب)دا بێگیانەو وەچە تیۆرییەکە بریندراردەکات، بۆیە لە (٣.ب)دا پەیوەندییە واتاییەکە شلۆقدەبێت. هەروەها لە (٣.أ)دا ئەو ئارگیومێنتە ناوەکییەی داوایدەکات پێویستە شتێك بێت بۆ خواردن بشێتو بجورێت، لەکاتێکدا کارتێکراو (بەرد) هەڵگری ئەم خەسڵەتە واتاییە نییە، دیسان ئەمەش هۆکاری واتا- ناڕاستی (٣.أ)ە. ئەمەش جەختکردنەوەی فیلمۆرە لە فەرهەنگ، کە بەرجەستەی یاسا سینتاکسییەکان دەکاتو بەرهەمهێنەری مۆدێلی سینتاکسییە. لەگەڵئەوەشدا فەرهەنگ زۆرجار

[1] محمدی محوی، کاروان عمر، شیلان عمر، (٢٠١٠، ٢٨)

[2] سەرچاوەی پێشوو، (لا ٢٨-٣٣)

کۆگایەکی کەمبەهای ئایدیۆسینکراتییەو ناسینەوەی پێکهاتەکانیشی کارێکی ئاسان نییە، بۆنمونە جۆری ئیدیۆمەکانو کەموکوڕیی زانیاریی هەندێ دەربڕاوی دیکە، کەلێنی زانیاریی فەرهەنگیی وەچە پۆلەڕەگەز- دیاریکردنو هەڵوێردکردنی سیمانتیکی چۆمسکی دەسەلمێنێت، یاخود وەها دەکات، کە لە سازکردنی پرۆژەی سینتاکسیدا کەموکوڕیی هەبێت.

بەپێی بۆچوونی گۆلدبێرگ Goldberg رێزمان لە زۆربەی زمانەکاندا لە ئایدیۆسینکراتیکەیدا بەرێژەیی جیاوازە،[1] جیاوازیی ئەم داڕشتە رێزمانییە Constructional Grammar بۆ کەلتورو بەشە-کەلتورو بازاڕو رەهەندە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، ئەمەش وەها دەکات دوانەی فۆڕمو واتا لە داڕشتەیەکی رێزمانیدا زانیارییەکی پراگماتیکییان لەبری سیمانتیکی هەبێت. گولدبێرگ بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە " وشەو داڕشتە لە لێکدانەوەی رستەدا پڕکرۆکیی واتاکانیان دەگەیەنن، بۆ ئەمەش پێویستە دروستەی زانیاریی فەرهەنگی لە داڕشتە رێزمانییەکەدا رەچاوبکرێت، لەمەوە دەروازەی فەرهەنگی بەوە وەسفدەکات، کە پەیوەستە بە هەندێ پێشینەی دیاریکراوەوەو بەهۆیەوە نەخشەی بیریی تێگەیشتنی تاك، یادگە، هەژمون، کردەو شتەکان، دەنەخشێنێت. "[2]. بۆنمونە کردارێکی وەك (دوان/ قسەکردن/ ئاخاوتن)، داوای چ بکەرێك دەکات، لەکاتێکدا بەپێی کەلتوری زمانی کوردی، دەشێ هەریەك لە (قسەکەر/ ئاخێوەر/ دوێنەر/ چەنەباز/ زماندرێژ/ مەلا، ...تاد) بگرێتەوە، کە ئەمەش لە دەروازەی زانیاریدا بەپێی وەچەتیۆری ڕەگەز- دیاریکردن دیارو ئاشکرا نییە.

جگە لەم بۆچوونەی گولدبێرگ، زانیاریی پراگماتیکی، کەلێنێکی دیکەی دەروازەی زانیارییە، بەو مانایەی لە دەروازەی زانیاریدا جەخت لە واتای پراگماتیکی نەکراوەتەوە، لەکاتێکدا چەمكو وشەی زمان بەتایبەتی زمانی کوردی، توانای گەیاندنی پراگماتیکی فەرهەنگی/ زانیاریی پراگماتیکییان هەیە.

بۆئەوەی لە سنوری باسەکەماندا بیسەلمێنین، کە هەندێ لە کردارەکان لە زمانی کوردیدا هەڵگری زانیاریی پراگماتیکین، دەبێت ئەزمونبەندانە کردارەکان وەك ئایتمێکی فەرهەنگی لە چوارچێوەی رستەکاندا شیبکەینەوەو جۆری ئەو کۆزانیارییەی بە فۆڕمی کردارەکەوە لەحیمکراوە، دیاریبکەین، بۆ سەلماندنی ئەمەش پشت بە تیۆری پرۆتۆتایپو خەسڵەتی پرۆتایپی لە بەکارهێنانی رستەکاندا دەبەستین، بەجۆرێك کە بەپێی وابەستەبوونی بە جۆری کۆزانیارییەکەوە، چۆنێتیی پرۆتۆتایپییەکە دیاریدەکەینو چەشنی زانیارییەکە بە سیمانتیکی، یان پراگماتیکی، جیادەکەینەوە.

## ٢. چەشنە کۆزانیارییەکان

زمانەوانە دێرینەکان واتا بۆ دوو جۆر پێکهاتە دابەشدەکەن، پێکهاتەی وشەنامەییو پێکهاتەی ئینسکلۆپیدیایی، ئەم دوو جۆر پێکهاتەیەش دەکەنە جیاوازیی نێوان سیمانتیكو

---

[1] Hans, (2008, 117)

[2] Benjamins, (2010, 55)

پراگماتیك، چونكە هەرچی واتای وشەنامەییە پەیوەستە بە زانینی واتای وشەكان و نواندنی كۆزانیاریی زمانی، كە بەهۆیەوە وشەنامەی ئاوەزیی Mental dictionary، یان فەرهەنگەكەی Lexicon دیاریدەكات، ئەم بۆچوونەش بریتییە لە گریمانەی مۆدولاریتی، كە زانستی زمانی شێوازبەندی دەگرێتەوە. بەپێی ئەم بۆچوونە، واتای ئەو وشەیەی لە مێشكدا گەنجكراوە، پێویستە پێناسەبكرێت و لە وشەنامەدا بە دیاریكردنی دەروازەی فەرهەنگی لەڕووی دەنگ و پۆلەڕەگەزو واتاوە بنوێنرێت.[1]

لە شیكردنەوەی پێكهاتەییدا، یان ڕێبازی شیكردنەوەی ناپێكهاتەییدا، تەنها یەك جۆر مۆدێلی وشەنامەیی هەیە، ئەویش بەمۆدێلكردنی وشەیە بەهۆی فیچەرە سیمانتیكییەكانەوە، بۆ نمونە واتای كردارێكی وەك (خلۆربوونەوە) پەیكاڵ بە جووت فیچەرەكانی (±) دەكرێت، هەروەك بەهۆی (+ جوڵە، + كەوتنەخوارەوە: ئاڕاستە) دیاریدەكرێت. بەمپێیە واتای وشەنامەیی، كرۆكەواتای وشە دەگەیەنێت، كە بە فەرهەنگی سیمانتیكیی ناسراوە.

هەمبەر بەمە، كۆزانیاریی ئینسكلۆپیدیایی، پەیوەندی بە كۆمەڵ و كەلتورەوە هەیەو وەك توێكڵەواتا لێیدەڕوانرێت، لێرەداو بەگشتی، زانیاریی پراگماتیكی دەبێتە بەشێك لە پێكهاتەی كۆزانیارییەكەو بەم چەشنە كۆزانینەوە لە یادگەدا گەنجدەكرێت. بەمەش كۆزانیاریی ئینسكلۆپیدیایی، پەیوەندییەكانی زمان و جیهان بەهۆی ئاماژەبەندەكانەوە دەنوێنێت، لەكاتێكدا واتای وشەنامەیی لە ناوەڕۆكی وشە دەكۆڵێتەوە، كە ئەمەش جیاوازە لەو واتایەی لە ئەنجامی زمان و ئەزمونەكانی مرۆڤ بە هۆی دەوروبەرو ژینگەی كۆمەڵایەتی و كەلتورو شارەزاییەكانییەوە بەرهەمدێت، كە دواجار هەموو ئەمانە، بەهۆی ڕێساكانی بەكارهێنانی زمانەوە حكومدەكرێن.

ساپیر ١٩٢١ بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە كۆزانیاریی خودی و كۆزانیاریی كەلتوری داوە، هەروەك پێیوایە مرۆڤ پێویستە بەرلە گەنجكردن، ئەزمون و شارەزاییەكان دەربارەی شت و دونیا و پەیوەندییەكانیان لە پێكهاتەی هێمایەكدا گشتگیر بكات، هەروەها ئەم گەنجكردنەش بەرلە گەیاندنی ئایدیاكان پێویستە. پاشان ساپیر باس لەوە دەكات، كە هێماكانی زمان لە دەرەوەی ئەزمونەكانمانن، بۆیە پێویستە بە هەموو گروپ و دیاریكردنی پۆلەكانەوە پەیوەستبكرێن، بەمشێوەیە ئەزمونێك، كە تایبەتە بە تاك و ئەزمونێك كە تایبەتە بە گروپەكانەوە لەیەكدی جیاواز دەبن، بەمەش ساپیر بەرلە دەركەوتنی زانستی زمانی دركپێكردن، ئەم دوو جۆر كۆزانیارییە بە بەهای گروپ و تاكەكانی كۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە.[2] لێرەوە دوو جۆر كۆزانیاریی أ. كۆزانیاریی خودی، ب. كۆزانیاریی ئینسكلۆپیدیایی لەیەكجیادەكرێتەوەو هەر ئەمەش بەپێی سیمانتیكی تەقلیدی، دەكرێتە خاڵی جیاوازیی كۆزانیاریی سیمانتیكی و كۆزانیاریی دنیایی، بەڵام پێڕەوكەرانی سیمانتیكی دركپێكردن دەستبەرداری ئەم جیاوازییە دەبن و باس لەوە دەكەن، كە كەتیگۆرییە سیمانتیكییەكان بە تەواوی سیستمی دركردنەوە بەشێوەیەك چنراون، كە ڕێگە بە

---

[1] Evans and Green: (2006, 203)

[2] Gleitman and Papafragou, (2004, 653)

Boroditsky, (2011, 63)

جیاکردنەوەیان نادات. هەروەها ئەوەش دەڵێن تێگەیشتن لە پڕواتایی وشەیەك تەنها پەیوەستە بە بەشە فراوانترەکانی سیستەمی درککردنەوە. پوختەی ئەم راڤەکردنە، کە ئەگەر لەلایەك جیاوازیی وشەنامەو فەرهەنگ بێت، ئەوا لەلایەکی تر ئاماژەدانە بە چەشنەکانی کۆزانیاریی، کە لێرەدا بە چەند خاڵێك دەیخەینەڕوو:

١. کۆزانیاریی فەرهەنگی، ئەم کۆزانیارییە پەیوەستە بە بواری بەکارهێنانی سیمانتیکی وشەکانەوە، هەروەك بواری بەکارهێنانی سیمانتیکی وشەی (مردن) پەیوەستە بە کۆتایی ژیانی مرۆڤەوە.

٢. کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیایی/ دەکرێت سانایانە، کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیایی "وەك سیستمی دروستەیی و تۆڕێکی Network ڕێکخراو پێناسەبکرێت، بەمەش مەرج نییە هەموو ئەسپێکتەکانی کۆزانیاریی، کە لە ڕێسای واتادا چڕدەکرێنەوە، بەهۆی وشەیەکەوە دەستبکەوێتەوە، بۆ نمونە ئێمە چی دەزانین دەربارەی وشەکانمان؟ دەمانەوێت چۆن بەکاریانبهێنین؟ کامە نیشانەی واتایی دەبێتە نیشانەیەکی سەرەکیی بۆ پەیوەندیگرتنمان؟"[1] بۆ نمونە لە کرداری (غاردان)دا، کامە نیشانە دەبێتە بنەمای پەیوەندیگرتن لەنێوان قسەکەرو گوێگردا، ئەو نیشانەیە دەبێتە هۆکاری جیاکردنەوەی پڕۆتۆتایپی و نا-پڕۆتۆتایپی کردارەکە، وەك دواتر باسیدەکەین.

٣. کۆزانیاریی کەلتوری/ زمان بەهۆی پێکداچوونی لەگەڵ کەلتوردا، بەشێك لە وشەکانی دەبنە هەڵگری بیرە کەلتورییەکانو بە ناوەڕۆکە کەلتورییەکەیەوە هەڵسوکەوتی زمانیی لەگەڵ دەکرێت، یاخود بەکاردەهێنرێت، هەروەك واتای کرداری (مارەکردن/ مارەبڕین) پەیوەستە بە دەوروبەری کلتوری ئاینییەوە، ئەم واتا کەلتورییە کرۆکەواتای وشەکە پەیوەست بە زمانی کوردی پێکدێنێت، بەمەش کەتیگۆریی کەلتوری، وەك کرۆکەواتا ئاڕاستەدەکرێت، یان بەپێی واقع پێشبینیی ئاڕاستەکردنەکەی دەکرێت.




وێنەی (١) چەمكو کەتیگۆریی کەلتوری پەیوەست بە کرۆکەواتا[2]

کۆزانیاریی کەلتوری، چەند تایبەتمەندییەك لەخۆدەگرێت، کە بە کورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

---

[1] Evans and Green: (2006, 203)

[2] ئەم وێنەیە وەکخۆی لە کتێبی (Lobner, Understanding Semantics, Oxford University Press, New York, 2002, p204) وەرگیراوە.

١. جێگیری Stability/ کرۆکەواتای وشەیەك بەشێوەیەکی سیمانتیکی، خەسڵەتی جێگیری بە فۆڕمی خاوەن کرۆکەواتاکە دەبەخشێت، لەتەك ئەمەشدا واتای کەلتوری، بەشێکە لە کرۆکەواتای وشەیەك، بەڵام ئەم بەشەی کرۆکەواتا، هەمیشەیی نییە، بەڵکو ئەگەری گۆڕانی هەیە، ئەم ئەگەرەش بە خولگەیەکی کاتیی زۆر روودەدات، بەشێوەیەك پەیوەستە بە گۆڕانی واقعی کۆمەڵگاکەوە، بۆ نمونە کردەی (هەلوکێن، خەتخەتێن، پەتپەتێن، دەستبەدیوار، چاوشێرکێ...تاد) وەك جۆرێك لە یارییەکانی کۆمەڵگای کوردیی، ئەگەرچی بەگشتی کەمبوونەتەوەو یارییە ئامێرییەکان شوێنی یارییە کەلتوورییەکانی گرتووەتەوە، بەڵام هێشتا بەکارهێنانی ئەم فۆڕمانە بەهۆی بوونی کردەکەوە لە هەندێ ناوچەدا لەکارنەکەوتوون. کەواتە جێگیریی واتا کەلتورییەکان پەیوەستە بە چۆنێتیی گۆڕانی واقیعی کۆمەڵگاوە، کە ئەمەش کار لە کرۆکەواتای وشەکە دەکات.

٢. ئەبستراکت Abstract

فراوانبوونی واتا، زیاتر لە نیشانە بەرجەستەییەکان، پەیوەستە بە چەمکە ئەبستراکتەکانەوە، کە بەهۆیەوە رێگە بە کارکردنی حاڵەتە ناهاوبەشەکانی دەرەوەی کەتیگۆرییە کەلتورییەکان دەدرێت. بۆ نمونە قسەپێکەری زمانی کوردی، دەتوانێت بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی (مارەکردن)، دەربڕاوێکی وەك (قاپشتن لە من مارەکراوە.) بەرهەمبهێنێت، کە فراوانکردنی واتای ئەبستراکتی کەلتوری (مارەکردنە)، بێئەوەی هیچ هاوبەشییەك لەنێوان (مرۆڤو قاپشتن)دا هەبێت، یان بوونی خەیاڵێك دەربارەی واتای وشەیەك، توانای قسەکەر بۆ فراوانکردنی واتای وشەکە زیاددەکات.

٣. ئابوریکردن

ئەگەرچی واتای کەلتوری بەشێکی گەورەتر نییە لە کرۆکەواتا، بەڵام لە پرۆسەی پەیوەندیی لەیەکگەیشتندا بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە. مرۆڤ لەو پرۆسەیەدا، بەتەواوی هێڵی هەریەك لە کۆزانیارییە هاوبەشەکان دەکێشێت، ئەمەش وەهادەکات لە نزمترین ئاستدا پارێزگاری لە پەیامە سیمانتیکییەکانمان بکەین، بەو مانایەی بوونی کۆزانیاریی کەلتوری لە مێشکماندا، کاریگەر دەبێت لەسەر دەرکردنی فۆرمێکی پوختو وەرگرتنو تێگەیشتنی لەلایەن گوێگرەوە لە کەمترین کاتدا. بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا کردارێکی وەك (دەستماچکردن) هەڵگری بەشێك لە کلتوری کۆمەڵگای کوردییە، ئەم جۆرە کۆزانیارییەش رێگە بە ئابوریکردنی کەرەستە زمانییەکان دەدات، هەروەك دەربڕینی رستەی (٤.أ) لەبری (٤.ب).

٤.أ. ئەمشەو دەستماچکرا.

ب. براکەم ژنی خواست، ئەمشەو دەستماچکردنی ژهینانەکەی بوو.

٤. کۆزانیاریی خودیی Personality Knowledge، ئەم کۆزانیارییە پەیوەندیی بە کۆششی تاکەوە بۆ بەدەستهێنانی وردیی زانیارییەکان لەبارەی شت، بیر، روداو، کردەیەکەوە هەیە، هەروەکئەوەی تاك کۆششدەکات پرزانیاری بێت دەربارەی کۆمپیوتەر، یان دەربارەی خودا، یان دەربارەی دیموکراسی ...تاد، لەبەرئەوە مەرج نییە بوونی زانیارییەکان سەبارەت بە دونیای دەرەوە لای هەموو کەس وەکیەك بێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر چۆنێتیو چەندێتیی رێکخستنی ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکان لای تاك دەبێت، بۆنمونە ئەو کەسەی پڕزانیارییە دەربارەی

کۆمپیوتەر، ئەوا ئەندامەکانی کەتیگۆریی کۆمپیتەر لە مێشیکدا زیاترە لە کەسێکی ئاسایی، یان نەشارەزا بە وردەکارییەکانی بەش‌و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر.

٥. کۆزانیاریی ناکەڵتوری، ئەم کۆزانیارییە پەیوەستە بە هاوردەکردنی ئەو زانیارییانەی بەشێك نین لە کەلتوری خۆیی، هەروەك هێنانی کەلتوری بیانی‌و هەڵسوکەوتپێکردنی، بۆ نمونە ناوی یارییەکی وەك (کاندی کرەش candy crush) بەشێك نییە لە کەلتوری یارییەکانی کورد، بەڵام بەکارهێنەرێکی زۆری ئەو یارییە وایکردووە، وشەکە وەك وشەیەکی کوردی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت.




وێنەی (٢) پێکداچوونی زمان‌و دەرەوەی زمان

بەپێی وێنەی (٢) چەشنە کۆزانیارییەکان لە جۆری کلتوری‌و ئینسکلۆپیدیایی، کاریگەرییەکی دوو ئاڕاستەییان هەیە، لەکاتێکدا هەریەك لە خودی‌و ناکەلتوری، کە پەیوەستن بە هەوڵی تاکە کەسییەوە، بە یەك ئاڕاستە کار لە زمان دەکەن، لەلایەکی دی سەرجەم چەشنە کۆزانیارییەکان کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانی واتای سیمانتیکی کۆمەڵایەتی‌و واتای پڕاگماتیکی هەیە، هەڵبەت واتای پڕاگماتیکی هەمبەر بە واتای سیمانتیکی، ئەو واتایەیە کە بە مەبەست‌و نیازێکی دیاریکراوەوە بەکاردەهێنرێت‌و بریتییەلە واتا پڕاگماتیکییە فەرهەنگییەکەی، مەبەستەکەش بەگشتی لە زیادەڕۆیی، کەمبەهاکردن/ شکاندن، نرخپێدان، میتافۆری، جوانکردن، ستایشکردن، نزیککردنەوە، رێزگرتن، پەشیمانبونەوە...تاد، کە سەرجەم ئەمانە دیارخەری چۆنێتیی بیرکردنەوەی کوردو کەلتوری کوردە، کۆدەبێتەوە.

واتای پڕاگماتیکی فەرهەنگی، پۆلەڕەگەزە جیاوازەکانی زمان وەك ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، ناوو کردارەکان تەنانەت لاگرەکانیش دەگرێتەوە. بەپێی تیۆری پەیوەست، ئەو وشانەی هەڵگری واتای پڕاگماتیکین، بەهۆی پاڵنەرێکەوە کاریگەری لەسەر چۆنێتیی وەرگرتنی واتاکەی لەلایەن گوێگرەوە دروستدەکات. تیۆری پەیوەست لەسەر بنەمای دوو رێسا پێشکەشکراوە:

١. رێسای دەرککردنی پەیوەست، بەپێی ئەم رێسایە سیستمی درککردنی مرۆڤ لە پرۆسێسکردنی زانیاریی تێکردەکاندا، مەیلی پێدانی تایبەتمەندی بە چۆنێتیی وەرگرتنی تێکردەکە هەیە، ئەمەش بەهۆی پەیوەستبوونمان بۆ خەسڵەتی ئەو تێکردەیەیە، کە پرۆسێسی دەکەین.

٢. رێسای پەیوەندی‌و لەیەکگەیشتنی پەیوەست، بەپێی ئەم رێسایە دەربڕاوەکان پێشبینیی گشتگیریی پەیوەستداری لێدەکرێت، بەجۆرێك دەبێت ئەم پەیوەستبوونە بە توانا‌و پەسەندکردنەکانی قسەکەر بەراوردبکرێت.

٥. نیوەڕۆیە هەستن لە خەو.

بەپێی تیۆری پەیوەست، لێکسیمی (نیوەڕۆ) وەك تێکردەیەك بۆ گوێگر، جگەلە کۆزانیارییە

زمانییەکەی، هەڵگری کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیایشە، کە دەرخستنی چۆنێتیی بیرکردنەوەی کلتورییانەی تاکی کوردە بۆ (کات)، بەمەش دوو جۆر کۆزانیاری دەبێتە پاڵنەری وەرگرتنی تێکردە زمانییەکە، بەڵام کامیان پتر بۆ گوێگر جێگەی بایەخ دەبێت؟ کۆزانیارییە زمانییەکە، یاخود کۆزانیارییە دونیاییەکە؟ بەپێی تیۆری پەیوەست، ئەو پاڵنەرەی وەردەگیرێت لەلایەك بەپێی کارامەیی درككردن دەبێت، لەلایەکی دی، میکانیزمی درككردنمان بۆ هەڵبژاردنی خەسڵەتە ماتەکان دەبێت، بەمەش سیستمی بیرخەرەوەیی یادگەمان ئۆتۆماتیکیانە مەیلی هەڵبژاردنی گریمانەی دەوروبەریێتیی پەیوەستدارە ماتەکان دەکەن و سیستمی هەڵهێنجانیش خۆڕسکیانە مەیلی پرۆسێسکردنی ئەو کۆزانیارییانە دەکەن، کە بۆمان گرنگە لەو کاتەدا،[1] بەمپێیە بەکارهێنانی چەمکێکی وەك (نیوەڕۆ) بۆ گوێگری کوردو بەکارهێنانی لە دەربڕاوی (٥)دا، کۆزانیارییە ئینسکلۆپیدیاییەکەی بەگرتنەبەری بڕی کۆششێکی کەم بەرلە واتا فەرهەنگییە سیمانتیکییەی وەردەگیرێت و پرۆسێسدەکرێت، بەمەش مەبەستەکە کە بریتییەلە زانیاریی پڕاگماتیکی لە گەیاندنی زیادەڕۆیی، بەرلە گەیاندنی دیاریکردنی کاتەکە دەگەیەنرێت.

لە تەك ئەمەدا جیاکردنەوەی وشەکانی زمان بەپێی پڕۆتۆتایپ و نا-پڕۆتۆتایپ وابەستەکردنیان بەو چەمکەی لە بیری قسەپێکەری زمانی کوردیدایە، بەشێك نین لە دەروازەی فەرهەنگی، بۆ نمونە کردارێکی وەك (گۆڕان) لە دەربڕاوێکی وەك (هەر ئەیگۆڕین)دا تەنها هەڵگری زانیاریی سایکۆلۆژی، یان فەرهەنگیی نییە، بەڵکو پەیکاڵ بە بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان و بەتایبەت ناوچەی سلێمانی، هەڵگری کۆزانیاریی دنیاییشە، کە ئەمەش بەشێك نییە لە واتای فەرهەنگیی لێکسیمی (گۆڕان)، ئەم چەشنە کۆزانیارییەش، وشەکە دەکاتە چەشنی نا-پڕۆتۆتایپی و هەڵگری زانیاریی پڕاگماتیکی دەبێت.

### ٣. زانیاریی پڕاگماتیکی لە کردارەکاندا

کردار وەك هەر بەشە کەتیگۆریەکی دیکە، پەیوەست بە دونیای دەرەوەمان، مەیلی هەڵگرتنی زانیاریی پڕاگماتیکی هەیە، ئەم مەیلە دەبێتەهۆی پڕکردنەوەی کەلێنی واتایی لێکسیمێك، ئەمەش خەسڵەتی ڕێژەداریی واتایی بە چەمکی لێکسیمەکانی زمانی کوردی دەبەخشێت.

"کردار وشەیەکە کارێك، یان حاڵێك رادەگەیەنێت، کە لەلایەن کەسێکەوەو لە کاتێکدا بەئەنجامگەیەنرابێت، دەبێتە بنەمای پێکهێنانی رستە، یاخود بەهۆیەوە رستەکە دیاریدەکرێت، کە سێ مەبەست لە خۆدەگرێت کار، کات، کەس و ژمارە"[2]. بۆ نمونە با بڕوانینە لێکسیمی (هەوڵدان) لە (٦)دا:

٦. هەوڵئەدات کارەکە بەدەستبێنێت.

هەوڵئەدات:

---

[1] بڕوانە بەشی دووەمی تێزی دکتۆرای تریفە عومەر (پڕاگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی)، کە تایبەتە بە تیۆری پەیوەست، ڕێساو چۆنێتی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی دەربڕاوەکان بە نمونەوە لەو بەشەدا ڕوونکراوەتەوە.

[2] محمد عومەر عەول، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتن و ئەرکەوە، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ل٣١٠، ژمارە٣، ٢٠١٠

هەوڵدان: کردار ئە: کات ت: کەس و ژمار

هەریەك لەم تایبەتمەندییانەی کردار، دەشێت جیاواز لە ئەرك و واتای سیمانتیکی بگەیەنرێت، بەجۆرێك قسەکەر بەپێی ئاستی رۆشنبیری و پێشینەی کۆمەڵایەتی، بەهای واتایی بە فۆرمە زمانییەکە ببەخشێت، بۆ نمونە رێژەی کرداری رانەبردوو لەسەر ئاستی سیمانتیك بەگشتی واتای نەکردن و رونەدانی کارەکە تا ئەو کاتە (کاتی قسەکردن) دەگەیەنێت، بەڵام مەرج نییە هەمیشە قسەکەر بەم واگەیاندنەوە پەیوەست بێت، هەروەك لە رستەیەکی وەك (ئەوان بەسەر ئەم میللەتەوە موزایەدە دەکەن)دا، بۆ هەر قسەپێکەرێکی کورد ئاشکرایە، کە ئەمە گلەیی و گازندەیە لە دەسەڵاتداران، بەمەش لێکسیمی (موزایەدەکردن) بۆ تافی رانەبردوو، واتای نەریتیی دەگەیەنێت، کە بەجۆرێك ئەم نەریتە بووەتە کەلتورێکی سیاسی، کاتێکیش واتای نەریتی دەبێتە بەشێك لە واتای کەلتوری لێکسیمێك، ئەوا تافەکەی لە رابردووەوە بۆ ئێستاو داهاتو بەردەوامە.

بۆ چۆنێتیی چەسپاندنی ئەم واتا نەریتییە، پێویستە بەراوردی کرداری (موزایەدەکردن)* بە کردارێکی دیکە بکەین، کە هەڵگری ئەو واتا نەریتییە نەبێت، بۆ نمونە کرداری (نوسین):

| أ. موزایەدەکردن | ب. نوسین |
|---|---|
| ئەوان بەسەر میللەتەوە موزایەدەئەکەن. | ئەوان کتێبێك بۆ میللەت ئەنوسن. |
| ئەوان خەریکن بەسەر میللەتەوە موزایەدەئەکەن. | ئەوان خەریکن کتێبیك بۆ میللەت ئەنوسن./ ئەوان خەریکی (کتێبنوسین)ن بۆ میللەت. |
| ئەوان هەر خەریکن بەسەر میللەتەوە موزایەدەئەکەن. | *ئەوان هەر خەریکن کتێبێك بۆ میللەت ئەنوسن./ ئەوان هەر خەریکی (کتێبنوسین)ن بۆ میللەت. |
| ئەوان کەی موزایەدەیان بەسەر ئەم میللەتەوە نەکردووە. | ئەوان کەی کتێبیان بۆ ئەم میللەتە نەنوسیوە. |

رستەکانی (أ) هەمبەر بە (ب) پەیوەست بە کردارەکانیانەوە، دوو پرۆژە کرداری جیاواز لە رووی رێزمان و واتاوە دیاریدەکەن، هەروەك لە (أ)دا کاتەکە خەسڵەتی هەمیشەیی پێدراوە، ئەم خەسڵەتە هەمیشەییەش وەهادەکات، پرۆژەی رێزمانیی کردارەکە پەیوەست بە هەڵاوێردکردنی واتاییەوە فراوانتر بکات، بەمپێیە لە (أ)دا، خەسڵەتی هەمیشەیی داوای ئارگیومێنتیکی واتایی ئێستایی و هەمیشەیی دەکات، ئێستا بەشێکە لە هەمیشەیی، بەڵام لە ئاستی لۆجیکدا پێچەوانەکەی راست نییە، لەبەرئەوە ئەم کردارە توانای بەزاندنی کۆتە سیمانتیکییەکانی دەبێت و پرۆژەی کردارەکە لە رووی واتاییەوە فراوانتردەکات، بەمەش کرداری (أ) لەتەك دەروازەی زانیاریی سیمانتیکیدا، هەڵگری زانیاریی پراگماتیکیش دەبێت.

* ئەگەرچی وشەی (موزایەدەکردن) لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام زۆریی و بڵاویی بەکارهێنانی لەلایەن قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوە وەهای کردووە، وەك وشەیەکی زمانی کوردی، هەڵسوکەوتی زمانیی لەگەڵبکرێت.

لێرەدا مەبەست لە هەمیشەیی، یان نەریتی لە کرداری (موزایەدەکردن)دا، هەم بەخشینی واتای نەرێنییە بە ئارگیومێنتە بکەرییەکەیی و هەم کاتەکەیی و هەم پیشەکەی، بەجۆرێك (ئەوان) کەسانێکی خراپن، بەردەوامن لەسەر خراپەی خۆیان و ئیشیان بووە بە خراپەکردن، بەمپێیەش موزایەدەکردن واتایەکی روون بە دەربڕاوەکە دەدات. لەکاتێکداو بەبەراورد بە کرداری (نوسین)، مەرج نییە واتایەکی ئەرێنی، یان نەرێنی هەمیشەیی بە ئارگیومێنتە بکەرییەکەی بدرێت، هەروەك کرداری (نوسین) لە سازکردنی رستەیەکی وەك (ئەوان هەر خەریکی نوسینن بۆ میللەت)دا، واتایەکی لێڵ بە دروستە سینتاکسییەکە دەبەخشێت، وەك لە (٧)دا خراوەتەڕوو:

٧. ئەوان هەر خەریکی نوسینن بۆ میللەت.

رستەی (٧) هەڵگری دوو ئەگەری واتاییە: ١. پێدەچێت پیشەی (ئەوان) نوسین بێت، فرێزی ئاوەڵکرداریی (هەر خەریك)یش ئاماژە بە کاتی قسەکردنەکە دەکات، کە تا ئەو کاتە ئەوان لە پرۆسەی نوسیندان و تەواونەبوون، بەمپێیەش ئارگیومێنتی بکەریی (ئەوان) هەڵگری واتایەکی نەرێنی نییەو تەنها جەخت لە کاتەکە، نەك بکەرەکە دەکاتەوە. ٢. یان پێدەچێت پیشەی ئەوان هەر ئەوە بێت (بنوسن)، لەکاتێکدا بەرپرسیارێتییەکی گەورەتریان لەسەر شانە، یان ئەم نوسینە وەك جۆرێك لە ماستاوکردن بێت، لێرەدا فرێزی ئاوەڵکرداریی (هەر خەریك) ئاماژە بە پیشەی بەردەوامی و هەمیشەیی ئەوان دەکات، کە خەسڵەتێکی نەرێنییە بۆ ئارگیومێنتە بکەرییەکە. بەمەش کرداری (نوسین) جیاواز لە کرداری (موزایەدەکردن)، هەڵگری خەسڵەتی نەریتی و هەمیشەیی نییە، لەکاتێکدا کرداری موزایەدەکردن بەهۆی جۆری ئارگیومێنتە بەرکارییەکە، کە (+مرۆڤ)ە، هەڵگری خەسڵەتی هەمیشەیی/ نەریتییە، کەواتە ئەگەر کرداری (موزایەدەکردن) ببەستینەوە بە ئارگیومێنتیکی بەرکاری (+شت)ەوە، ئەوا ئارگیومێنتە بکەرییەکە لە خەسڵەتی نەرێنی دادەماڵرێت.

بەمپێیە زانیاریی سیمانتیکیی کرداری (أ) بەدەرە لە هەمیشەیی و بە رێژەی کاتەکانەوە دەبەسترێتەوە، بۆ نمونە لە کۆ رستەکانی (کۆشکەکەی دەخاتە موزایەدەوە.)، (موزیادەی بە کۆشکەکەیەوە کرد.)، (ئەگەر کۆشکەکەی بخستایە موزایەدەوە برە پارەیەکی زۆرتری دەکرد.)، کرداری (موزایەدەکردن) لەم رستانەدا توانای بەزاندنی کۆتی سیمانتیکی نییەو دەبێت پەیوەست بێت بە رێژەی بەکارهێنانی کاتەکانەوە، لە کاتێکدا لە هەندێ دەربڕاوی دیکەدا مەیلی بەزاندنی کۆتەکەی هەیە.

بەمپێیە کرداری موزایەدەکردن هەم پرۆتۆتاییەو هەم نا-پرۆتۆتایپی، بەشێوەیەك، کە نا-پرۆتۆتاییەکەی، هەڵگری زانیاریی پراگماتیکی دەبێت.

### ١/٣ کرداری پرۆتۆتایپی و نا-پرۆتۆتایپی

هەڵبەت وەك پێشتر ئەوەمان خستەڕوو، جیاواز لە لێکۆڵینەوەکانی دیکە، گرنگیی بە فۆڕم و چۆنێتیی داڕشتنی کردارو ئەرکی ڕێزمانیی نادەین، بەڵکو تەنها جەخت لەو کۆزانیارییە دەکەینەوە، کە پەیوەست بە لێکسیمەکەوە واتایەکی پراگماتیکی بەرهەمدەهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا باس لە پرۆتۆتایپ و نا-پرۆتۆتایپ دەکەین:

**١/٣-١پۆلكردن**

پـۆلكردن Categorization ئەگەرچـی مـۆدێلێكی تەقلیـدیی ئەرسـتۆتالییە، بـەڵام دواتـر وەك كردەیەكی ئاوەزیی لە سنوری سیمانتیكی درككردنـدا گرنگیی پێدرا، كە لەسـەر بنـەمای مەرجە ناچاریی و بەشكردووەكان بایەخ بە پۆلكردنی شتەكان دەدات.

بەگشتی پۆلكردن هەڵگری ئەم تایبەتمەندیانەیە:[1]

١. پۆلكردن پشت بە كۆمەڵێك مەرجی ناچاریی و بەشكردوو، یان فیچەر دەبەستێت.

٢. هەر مەرجێك، یان هەر فیچەرێك تەواو ناچاریی و پێویستە.

٣. مەرجەكان، مەرجی دوپەلكیی (بەڵی و نەخێر)ن، بەو واتایەی كە یان سەر بەو پۆلەن یان نا.

٤. پۆلكردنەكان سنورێكی جیاكەرەوەی رونوئاشكرایان هەیە.

٥. هەموو ئەندامەكانی پۆلێك، پێگەیەكی یەكسانیان هەیە.

بەمپێیـە ئەگـەر كـردار وەك كەتیگۆرییـەك دەستنیشـانبكەین، ئـەوا دەكرێـت هـەر (كردارێـك) لـە بەشـەئاخاوتنێكی تـر، بـەهۆی نیشـانە دوپەلكییـە پێویسـتەكانەوە جیابكرێتـەوە، لـەناو كردارەكانیشـدا ئەنـدامی تێپـەڕو تێنەپـەڕەكان، فۆڕمـەكان، بكـەردیارو نادیارەكـان، جـوڵاوو وەسـتاوەكان .. تـاد جیابكەینـەوە، بـەجۆرێك كـە هەریـەك لـەو پۆلانـە سـنورێكی ئاشـكرای جیاكەرەوەی هەبێت، بۆ نمونە دەكرێت كردارێكی وەك (مردن) هەمبەر بە (غاردان) بەم چەشنەی خوارەوە جیابكەینەوە:

مردن: + مرۆڤ، − جوڵاو

غاردان: − مرۆڤ، + جوڵاو

لێرەدا هەریەك لە (+ مرۆڤ، − جوڵاو) لە پۆلی كردارەكاندا، دەبێتە مەرجی ناچاریی كرداری (مردن)، لەنێو پـۆلی كردارە وەستاوەكانیشـدا خەسڵەتی (− جوڵاو) دەبێتـە مـەرجی ناچاریی و بەشـكردو، بەمـەش سنورێكی تـەواو جیاكـەرەوەی لەگـەڵ كردارێكـی وەك (غـاردان)دا دەبێـت و لـە هـەمانكات لەڕووی بـەهاو پێگـەوە هەریـەك لـە مـەرجی(+ مـرۆڤ)، (−جـوڵاو) یەكسـانن، چونكە هـەردوكیان بـۆ جیاكردنەوە لە كردارێكی وەك (غاردان) پێویستن.

ئـەم بنەمایانـەی پـۆلكردن كـە بـە تەقلیـد نـاودەبرێن، بەگشـتی لـە جیاكردنـەوەی هەنـدێ شـتی چەسپاودا كەڵكی لێوەردەگیرێت، بەڵام لـە وردكردنـەوەی پۆلكردنی شتەكاندا شكستدەهێنن، بۆ نمونـە ئەگـەر هەنـدێ مـەرج بـۆ جیاكردنـەوەی كـرداری تێپـەڕو تێنـەڕ، فـۆڕم، بكـەر دیـارو نادیـار دابنرێـت و بشچەسـپێت، ئـەوا لـەڕووی واتاییـەوە پۆلكردنەكـە دوچـاری گرفـت دەبێتـەوە، بۆیـە تیۆریكـارانی سیمانتیكی دركپێكـردن لـە پـۆلكردنی چەمكەكاندا پشتیان بـە گریمانەیـەكی دیكـە بەست، كە پڕۆتۆتایپ بوو.

[1] Lobner, (2002, 174- 183)

**٢-١/٣ پرۆتۆتایپ**

بنـــەمای زانســـتی درکپێکـــردن، پۆلکردنـــە، ئـــەم پۆلکردنـــە لەســـەر بنـــەمای پرۆتۆتایـــپ، وردکردنـــەوەی شـتەکان بونیاتـدەنرێت، کـە خەسـڵەتی پلەبەنـدیی بـە ئەندامـەکانی کەتیگۆرییـەك دەبەخشـێت. ئـەم تیـۆرە بـە پێچـەوانەی گریمانـەی پـۆلکردنی تەقلیدییـەوەو وەك جێگرەوەیـەکی تیـۆری کلاسیکی چەمك، بەو جـۆرە راڤـەدەکرێت، کـە زۆربـەی کەتیگۆرییـەکان خـاوەن دروسـتەی پلــەدارن‌و هــەڵگری خەســڵەتێکی پرۆتۆتــاییین، کــە بــە (کۆپییــەکان- Copies) نــاودەبرێن، نمونـەیترینیان لـە بەبـەهاترین ئەندامـەکانی کەتیگۆرییەکەیـەو پاشـان بـەرەو زۆربـاش‌و بـاش‌و مامناوەندو لاواز دەچێت، بەجۆرێك هەر یەك لەو رێژانە بە ئەندامی کەتیگۆرییەکە ناودەبرێت، واتە ئەوانەش، کە مەودایەکی بچوك لە کەتیگۆرییەکە داگیردەکەن هێشتا ئەندامی کەتیگۆرییەکەن، یان کۆپییـەکی کەتیگۆرییەکـەن، بەمـەش ناکرێـت سنورێکی جیاکـەرەوەی تـەواو رونوئاشـکرا لـەنێوان ئەندامەکانی پۆلکردنەکەدا دابنێین.[١]

بەمپێیە تیۆرە نوێیەکەی پۆلکردن، ئەم تایبەتمەندییانە لەخۆدەگرێت:[٢]

١. خەسڵەتی وردکردنەوەی پۆلکردنەکە وەهادەکات ئەندامەکان پێگـەی یەکسـانیان نـەبێت، بـەڵکو پێگەکـەی لـە نمونەیترینایـنـەوە بـۆ لاواز دەسـتپێدەکات‌و ریزبەندییـەك لـە کۆزانیـاریی، دروسـتە بیرییەکە پێکدەهێنێت.

٢. باشترین نمونەی کەتیگۆرییەکە ئەندامە پرۆتۆتاییپییەکانن.

٣. بـەهۆی کۆمـەڵێك مـەرجی ناچارییەوە ئەنـدامی کەتیگۆرییەکـە دیارینـاکرێت، بـەڵکو دەشـێت هەندێ لەو نیشانە واتاییانەی جۆری پرۆتۆتاییپییەکەی پـێ پێناسـەدەکرێت، ئامادەنەبووبن‌و بە نمونەیەکی گونجاوی پۆلەکەش دابنرێت.

٤. ئەندامەکانی کەتیگۆرییەك پێکەوە بەهۆی خێزانە لێکچووەکانەوە بەنددەبن‌و پەیوەندییدەکەن.

٥. ئەندامە پرۆتۆتاییپییەکان خاڵی ئاماژەبەندییەکانن، پرۆتۆتاییپییەکان وەك خاڵی ئامـاژەبەندەکانن بۆ پۆلکردن، ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکەش بابەتی لێکچوونن لە کەتیگۆرییەکەدا.

٦. بـەهۆی وردکردنـەوەی نیشـانە واتاییەکانـەوە، کەتیگۆرییـەکان خەسـڵەتی پلـەداری/ رێـژەیی وەردەگرن.

٧. پەیوەست بە خاڵی (٦)ەوە بەپێچەوانەی پۆلکردنی کلاسیکییەوە، پرۆتۆتایپـەکان سـنورێکی ناڕوونیان دەبێت.

بەمپێیە کاتێك کردارەکان لەسەر ئاستی واتا پۆلدەکەین، ئەوا ناکرێت سنورێکی تەواو جیاکەرەوە بەهۆی نیشانە واتاییەکانەوە لەنێوانیاندا دابنرێت، بەتایبەت لەو کردارانەی، کە تەواو لەگەڵ

[1]Henk J. Verkuyl, (1998, 35-37)
Lobner, (2002, 174- 183)

[٢] هەمان سەرچاوە، ل١٧٩
*Geeraerts*, (2006, 146)

دەوروبەردا كارلێكدەكەن. بۆ نمونە گەر بڕوانینە سنوری جیاكەرەوەی هەردوو كرداری (مردن)، (تۆپین)، ئەوا لەسەر ئاستی سیمانتیك پێویستەو بەناچاریی پشت بە هەردوو نیشانەی واتایی (± مرۆڤ) دەبەستێت، بەڵام قسەكەر بە كارلێككردنی لەگەڵ كۆزانیارییەكانی دەوروبەردا لە كرداری (تۆپین)دا ئەم نیشانەیە دەبەزێنێت، بەمەش نیشانە واتاییەكە لە جیاكردنەوەی هەردوو كردارەكەدا شكستدەهێنێت.

بۆ ئەوەی چۆنێتیی پرۆتۆتایپیو نا-پرۆتۆتایپی ئەم كردارە دەستنیشانبكەین، ئەوا پێویستە لەچوارچێوەی پلەبەندییو خێزانی لێكچوونەكەدا كەتیگۆرییەكەی دیاریبكەین:

أ. <نەمان>*: (مردن، تۆپین، مرداربوونەوە، تیاچوون، لەناوبردن، هەرەسهێنان، لەناوچوون، ڕۆچوون، فەنابوون، خاڵیبوون، غەمگینبوون، ماڵوێرانبوون، كۆستكەوتن، روخان، سەرنانەوە، كوشتن/ كوشتنوبڕین، وازهێنان، كپكردنەوە، نەهێشتن، كۆتاییهێنان، كۆتاییهاتن، داڕمان، شكاندن، ئیفلاسبوون، كەوتن، شكستهێنان، مایەپوچ، سەرنەكەوتن، دەرنەچوون، لەكاركەوتن ماندووبوون، ونبوون، لەدەستدان، بیرچوونەوە، لەیادكردن، كفتبوون، شێتبوون، لەهۆشخۆچوون/ لەسەرخۆچوون/ بێهۆشبوون/ بێئاگابوون/ بورانەوە، سڕبوون/ سڕكردن، لەقسەكەوتن، قسەدابڕین، چۆڵبوون، جامبوون، سلاكبوون، داڕوخان، كەڕبوون، كوێربوون، كەرتبوون/ جیابوونەوە/ لەتبوون، جیابوونەوە/ تەلاق، كەچەڵبوون، رەوینەوە، ئاگربەست، ئاشتبوونەوە، ئازادكردن، بەندكردن، تاریكبوون، روناككردنەوە/ روناكبوونەوە، لەبارچوون، هەڵوەرین، ئاوابوون، نقومبوون، زویربوون، لێكدابڕان، پچڕان، ماتبوون، ..)، ئەوەی تێبینیدەكرێت ئەوەیە، كە مەرجو پێوەرێكی دیاریكراو، یان بەشكردوو بەشداریی لە جیاكردنەوەی ئەندامەكانی ئەم كەتیگۆرییەدا ناكات، بەڵكو چەمكی گشتیی ئەندامێتیی، بریتییەلە پەیبردنی تاك بە پڕۆتۆتایپی ئەندامیبوونی كەتیگۆرییەكە، كە چەشنە كۆزانیارییەكانیش كاریگەرییان لەسەر ئەندامێتیی كەتیگۆرییەكە دەبێت، بۆ ئەمەش هەندێك ئەندام لە دەستەی باشترینەكان وەك (مردن، تۆپین، مرداربونەوە، كوشتن، نەهێشتن، كۆتایهێنان، ...)، هەندێكی دی لە دەستەی باشەكان (لەكاركەوتن، لەناوبردن، هەرەسهێنان، روتانەوە،...)و هەندێكی دیكە لە دەستەی مامناوەند (شێتبوون، ماتبوون، غەمباربوون، نێگەرانبوون، لەهۆشچون، بورانەوە..)و هەندێكی تریش لە دەستەی لاوازن، كە بە پەڕاوێزییەكان ناودەبرێن هەروەك (كۆستكەوتن، ئاگربەست، ..)، بەڵام هەریەك لەم پلەبەندییانە لە باشترینەوە بۆ لاوازترین، كە پەڕاوێزییەكانە سەر بەئەندامی كەتیگۆریی (نەمان)نو پشت بە خەسڵەتی لێكچوونی كۆپییە پڕۆتۆتایپییەكە دەبەستێت. كەواتە (هەردوو خەسڵەتی دروستەی وردكراوە، كە بریتییەلە پلەبەندیی ئەندامەكان لە باشترینەوە بۆ لاوازترین، هەروەها خەسڵەتی لێكچوونی نێوان ئەندامی پڕۆتۆتایپییەكان، دوو خەسڵەتی گرنگی تیۆری پڕۆتۆتایپین)[١].

---

* لەم لێكۆڵینەوەیەدا هێمای < > وەك هێمای كەتیگۆری داناوە.

[1] John R. Taylor, (1995, 52)

پەیبردن بە پرۆتۆتایپی ئەندامەکان وابەستەی هەریەك لە کۆزانیاریی فەرهەنگیو کۆزانیاریی خودیو ئینسکلۆپیدیاییە، بەپێی چۆنێتیی پاشخانی کۆمەڵایەتیو ئەزمونو هەوڵی تاکەکەسی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. بەمپێیە ئەگەر پلەبەندیی ئەندامەکان بەپێی زمانو تاڕادەیەکیش بەپێی کەڵتور یەك پلەبەندیی وەربگرێت، ئەوا بەپێی کەسەکان لە پلەبەندییەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەگەر بەهۆی ڕاپرسییەکەوە کەتیگۆریی (نەمان) دیاریبکەین، ئەوا هەریەك بەپێی ئەزمونو پێشینەو دونیابینیی خۆی بۆ ئەو چەمکەی لە مێشکیدا بەرامبەر بە چەمکی (نەمان) دروستبووە، بەجۆرێك وەڵامدەداتەوە، کە سنورێکی رونوئاشکرا لەنێوان ئەندامەکاندا نەبێتو لێڵیی واتایی لە چۆنێتیی بەرجەستەکردنی ئەندامەکاندا بێتەئاراوە، لە ڕاستیدا ئەمەش یەکێکە لەو ڕەخنانەی، کە لە تیوری پرۆتۆتایپ گیراوە.[1]

ئەوەی جێگەی بایەخە بۆ ئەم باسە، ڕاڤەکردنی کرداری (مردن، تۆپین، مرداربوونەوە)یە، لەنێو دەستەی کەتیگۆرییەکەدا، کە بەم چەند تایبەتمەندییە بەراوردیان دەکەین:

١. هەریەك لە (مردن، تۆپین، مردابوونەوە) لە ئەندامەکانی کەتیگۆریی (نەمان)ن، کە هەڵگری خەسڵەتی نەمانی فیزیکییە.

٢. خەسڵەتی خاڵی (١) بەپێی کۆزانیارییە زمانییەکەی وشەی (مردن) پەیوەستە بە (مرۆڤ)ەوە، (تۆپین) بەو ئاژەڵانەی خواردنیانیان ناخورێت، هەروەها (مرداربونەوە) پەیوەستە بە باڵندەو بەو ئاژەڵانەی کە گۆشتیان دەخورێت، وشەی (مردن) بەپێی بەکارهێنانە میتافۆرییەکەییو واتا فراوانکراوەکەی، لەگەڵ (شت)یشدا بەکاردەهێنرێت، هەروەك دەوترێت (پاترییەکەی مردووە.)، لەکاتێکدا هەریەك لە کردارەکانی (تۆپین، مرداربوونەوە) لەگەڵ (شت)دا بەکارناهێنرێن.

٣. گەر بخرێنە ڕاپرسییەوە، ئەوا بەوپێیەی هەڵگری خەسڵەتی خاڵی (١، ٢)نو هەروەها (مردن) هەڵگری خەسڵەتی بەکارهێنانی (٢)شە، ئەوا هەر لە دەستەی ئەندامی باشترینەکانی کەتیگۆریی (نەمان) دەبن، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ئەندامی پرۆتۆتایپی (مردن، تۆپین، مرداربوونەوە) لە کەتیگۆریی (نەمان)دا بەهۆی کۆزانیارییە زمانییەکەیەوە، کاریگەریی لەسەر چۆنێتیی پلەبەندییەکە دروستناکات.

لێرەدا ئەو پرسیارەی گرنگە ئەوەیە، چ کاتێك (مردن، تۆپین، مرداربوونەوە)، دەبنە ئەندامی نا-پرۆتۆتایپی کەتیگۆریی (أ)، بۆئەوەی بگەینە وەڵامێکی دروست، پێویستە ئەزمونبەندانە بەکارهێنانەکانیان لە چوارچێوەی دەربڕاوەکانی زمانی کوردیدا تاقیبکەینەوە.

٨. أ. ئەو مردووە.

ب. پاترێکەی مردووە.

پ. دڵی مردووە.

ج. هەر مردم ئەوەنەم ئیشکرد.

---

[1] سەبارەت بە چەمکی (مردن)و بەکارهێنانەکانی لە زمانی کوردیدا بڕوانە هەرێم عوسمان، چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوە، ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣

بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، (مردن) لە هەریەك لە (٨.أ،ب،پ)دا، دەبێتە ئەندامی کەتیگۆریی (نەمان)، چونکە ڕێژەی خەسڵەتی لێکچوون دەیبەستێتەوە بە پرۆتۆتایپی کەتیگۆرییەکەوەو وەك کردارێکی پرۆتۆتایپی ئەژماردەکرێت، لەکاتێکدا کرداری (مردن) لە (ج)دا بەشداریی لە چەمکی پرۆتۆتایپیی ڕێژەی لێکچوونی کەتیگۆرییەکەدا ناکات، بەڵکو بەوپێیەی واتای بنەڕەتیی (مردن) ڕۆحدەرچوون‌و گەڕانەوە بۆ دونیایەکی ترو نەمانی فیزیکیی مرۆڤە، کەڵك لەم کۆزانیارییە زمانییە وەرگیراوە بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراو، کە زیادەڕۆییە، بەجۆرێك ئەم زیادەڕۆییە لە ئەنجامی بەزاندنی کۆتی سیمانتیکییەوە، کە (نەمانی فیزیکیی)ە، بەرهەمدەهێنرێت‌و ئەمیش وەك زانیاریی پڕاگماتیکی لەلایەن قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوە بەکاردەهێنرێت، بەمەش کرداری (مردن) دەبێتە ئەندامێکی نا-پرۆتۆتایپی کەتیگۆریی (نەمان).

٩.أ. سەگەکە تۆپی.

ب. ئەو تۆپی.

ج. مانگاکە مرداربۆوە.

د. مناڵەکە مرداربۆوە.

هەریەك لە (تۆپین، مرداربوونەوە)ش بەپێی خەسڵەتی کۆزانیاریی زمانیی، دەستەی باشترین ئەندامی پرۆتۆتایپی کەتیگۆریی (نەمان)ن، بڕوانە (٩.أ،ج)، بەڵام بە بەزاندنی مەرجی سیمانتیکیی، یان واتای فەرهەنگیی، کە بەکارهێنانیانە لەگەڵ (مرۆڤ)دا، هەروەك لە (٩.ب،د)دا، دەبنە ئەندامی نا-پرۆتۆتایپی کەتیگۆریی (نەمان)، چونکە بەم بەزاندنە هەریەك لەو دوو کردارە بە مەبەستێکی دیکە بەکاردەهێنرێن، هەروەك مەبەست لە (٩.ب) شکاندن‌و ئیهانەکردن‌و (٩.د) خەوتنی منداڵەکەیە، کە شەکەتبوونی لەگەڵدایە، بەمەش هەریەك لە (مرداربوونەوە، تۆپین) دەبنە هەڵگری زانیاریی پڕاگماتیکیی.

هەڵبەت هەندێ ئەندامی دیکەی کەتیگۆریی (أ)، هەروەك (لەبارچوون، لەباربردن، خاڵیبوون، ..) لەم بەکارهێنانانەی خوارەوەدا (١٠، ١١، ١٢) دەبنە ئەندامی نا-پرۆتۆتاپیی کەتیگۆرییەکە، چونکە هەر یەکێك لەو کردارانە بەهۆی زانیارییە پڕاگماتیکییەکەیەوە گەیەنراوە.

١٠. هەرچی دەستکەوتێکیان هەبوو لەبارچوو.

١١. هەرچی دەستکەوتێکیان هەبوو لەباریانبرد.

١٢. لێیگەڕێ عەقڵی خاڵییە، هەر ئەوەنە بڕئەکات.

بەکارهێنانی ئەندامە پرۆتۆتاپییەکانی <أ> بە زانیارییە پڕاگماتیکییەوە، مەرج نییە لە دەستەی باشترین، یان باش، یان تەنها لاوازەکان بێت، بەڵکو پەیوەستە بە کارامەیی‌و زیرەکیی قسەپێکەر لە لکاندنی کۆزانیاریی دەرەکیی بە کۆزانیاریی ناوەکیی‌و بەشێك لە لەدەستدانی زانیاریی ناوەکییەوە، کە ئەم لەدەستدانەش کاریگەریی لەسەر چۆنێتیی پرۆژەسازدانی ڕستەکە دەبێت.

ب.<مامەڵەکردن> (کڕین، فرۆشتن، کڕینوفرۆشتن، موزایەدەکرین، پەیوەندیگرتن، هاوڕێیەتیکردن،

نوسین، قسەکردن، گوێگرتن، پێفرۆشتن، وانەوتنەوە، لێخوڕین، لێپێچینەوە، نوسین، خوێندنەوە، لێکردنەوە، پاککردنەوە، بۆیەکردن، زیندانیکردن، چارەسەرکردن...تاد)

هەریەك لەم ئەندامانە، کە بۆ کەتیگۆریی <ب> جیاکراوەتەوە، ئەندامی پرۆتۆتایپی کەتیگۆرییەکەن، کە هەریەك لە چەشنە کۆزانیارییەکان بەشدارییان تێدا کردووە، لەگەڵئەوەشدا بە بەزاندنی کۆتە سیمانتیکییەو هەندێکی دیکەشیان بە بەزاندنی خەسڵەتە پرۆتۆتاپییەکە دەبێتە جۆری نا-پرۆتۆتایپی.

١٣.أ. خانووەکەیمان پێئەفرۆشێتەوە.

ب. کوردایەتیمان پێئەفرۆشێتەوە.

کرداری بە لێکسیمبووی (پێفرۆشتنەوە) وەك ئەندامێکی پرۆتۆتایپی کەتیگۆریی (مامەڵەکردن)، بە هەردوو کۆزانیاریی فەرهەنگیی و دونیایی، یان ئینسکلۆپیدیاییەوە بەکاردەهێنرێت، هەروەك لە (١٣.أ) بەهۆی کۆزانیاریی فەرهەنگیی بەلێکسیمبووەکەوە، واتاکە لە دووبارە فرۆشتنەوەی خانووەکە دیاریدەکات، هەڵبەت ئەم دیاریکردنەش لە خودی کرداری فرۆشتن، کە داواکردنی ئارگیومێنتی ناوەکیی و دەرەکییە، بەجۆرێك ئارگیومێنتە دەرەکییەکە خەسڵەتی بەهای (±مرۆڤ/ +شت)ی هەبێت. لەکاتێکدا لە (١١.ب)دا، مەبەست لە موزایەدەکردنە بەسەر ئەوی ترەوە لە بوونی هەستی کوردایەتیدا، بەمەش ئەو ئارگیومێنتە دەرەکییەی داوایدەکات (-شت، -گیانلەبەر، +هەست)ە، دەبێتە ئەندامێکی نا-پرۆتۆتایپیی کەتیگۆریی (مامەڵەکردن).

ئێمە وەها گریمانە دەکەین، کە ئەو کردارانەی بە زانیاریی پراگماتیکییەوە لەحیمدەکرێن وەك لە (٩.ب.د، ١١، ١٢، ١٣.ب)دا خراوەنەتەڕوو، دەبنە کردارێکی نا-پرۆتۆتایپیی بە کەتیگۆرییە دیاریکراوەکەی، بەجۆرێك ئەم زانیارییە پراگماتیکییە، بەهۆی بڵاویی بەکارهێنانییەوەو بە بەڵگەی زوو بەدەستهێنانەوەی ئەو برە زانیارییەو لە هەمانکاتدا ئیستیعابکردنی لەلایەن گوێگرەوە وەك لە (تیۆری پەیوەست)دا باسکرا، بڕوانە (پاری دووەم)، دەبێتە بەشێك لە فۆڕمی کردارەکە، بەمەش کاریگەریی لەسەر چۆنێتیی دروستکردنی پرۆژە سینتاکسییەکە دەبێت، بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە، پێویستە کردارەکە بە شێوەی پرۆتۆتایپیی و ناپرۆتۆتایپیی لە سنوری رستەکاندا تاقیبکرێتەوە.

ج. <هاوسەرگیریی> (شوکردن، بەشودان، ژنهێنان، مارەکردن، مارەبڕین، شەکراوخواردنەوە، دەستماچکردن، ئاڵتون-هەڵگرتن، گواستنەوە، تۆران، تەڵاقدان/ جیابوونەوە، مارەکردنەوە، ماڵکردن، ماڵپێکەوەنان، پیروخەڕۆبوون، هێنانەوە،... ).

هەریەك لەو ئەندامانەی، کە خەسڵەتی رێژەی لێکچوون لەنێوانیاندا هەیەو بە کەتیگۆرییەکەوە دەیبەستێتەوە، بریتین لە ئەندامی پرۆتۆتایپیی کەتیگۆریی (ج)، کە بەهۆی ئەو زانیارییانەی لە دەروازەی زانیاریی ئەندامەکاندا تۆمارکراوە، دروستە سینتاکسییەکە بەرهەمدەهێنن، لەکاتێکدا ئەگەر هەندێك لەو ئەندامانە مەیلی بوون بە کرداری نا-پرۆتۆتایپییان هەبێت، ئەوا بە جۆرێکی دیکە پرۆژەکە دادەڕێژن.

١٤.أ. کچەکە مارەکراوە.

ب. قاپشتن له من مارەکراوه.

بەهۆی کۆزانیاریی کەلتوریی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە، گوێگر دەتوانێت درك بە ئاڕگیومێنتی بکەری کردارەکە بکات، کە (مەلا)یە، هەروەها ئەو کەسەش کە لێی مارەکراوە (+نێر)ە، ئەم کۆزانیارییەش لە بەئابوریکردنی بەرهەمهێنانی رستەکەدا بەشداریدەکات، لەلایەکی دی، کرداری مارەکردن داوای ئاڕگیومێنتێك دەکات، کە (+مرۆڤ) بێت، هەروەها بەپێی لقە-کەتیگۆریی کرداری (مارەکردن)، دوو ئاڕگیومێنتی ناوەکیی و دەرەکیی داوادەکرێت، بەجۆرێك لەڕووی کۆتی سیمانتیکییەوە ئاڕگیومێنتە دەرەکییەکە هەڵگری نیشانەی واتایی (+مرۆڤ) بێت، ئاڕگیومێنتە ناوەکییەکەش (+مرۆڤ) بێت، ئەمە لەکاتێکدا کرداری (مارەکردن) لە (١٤.ب)دا، بەپێچەوانەوە ئەو ئاڕگیومێنتە دەرەکییەی لەگەڵیدا هەڵدەهێنجرێت، هەڵگری نیشانەی واتایی (+شت/تەن)ە، ئاڕگیومێنتە ناوەکییەکەش (+کەس)ەو کۆزانیاریی کەلتوریش تەنها یارمەتیدەرە لە هەڵهێنجانی دەربڕاوێکی واداو پەیوەستە بە کارامەیی قسەپێکەری زمانەوە. بەمەش کردارەکە، کە هاوپێچە بە بەکارهێنانە پڕاگماتیکییەکەوە، دەبێتە کردارێکی نا-پڕۆتۆتایپیی بە کەتیگۆریی (ج).

هەڵبەت مەرج نییە هەمیشە کۆزانیاریی دەرەکیی وەك کۆزانیاریی کلتوریی و ئەنسکلۆپیدیایی و خودیی ببێتە هۆی هەڵهێنجانی زانیاریی پڕاگماتیکیی، بەڵکو بەتایبەت لە فۆڕمە ئیدیەمیەکاندا کە فۆڕمو واتای ئامادەبوون لە زماندا، هەڵگری کۆزانیاریی کلتوریی و کۆمەڵایەتین، بەڵام وەك زانیاریی پڕاگماتیکیی، هەڵسوکەوتی لەگەڵناکرێت، گەر ئەمەش لە سنوری تیۆری پڕۆتۆتایپدا تاقیبکەینەوە، ئەوا لە هەمان کەتیگۆریی (ج) کرداری (بەشودان) وەردەگرین.

١٥. بە شویاندا.

دروستەی سینتاکسی و سیمانتیکی لە (١٥)دا، واتا لێڵەو هەڵگری دوو ئەگەری واتاییە، لە ئەگەری یەکەمدا واپێدەچێت مەبەست لە (کچ/ ژن بەشودان بێت.)، لە ئەگەری دووەمدا پێدەچێت مەبەست لە ئیدیەمی (بەشودان) بێت، کە مەبەست لێی هەڵخەڵەتاندنە، لەمەشدا دەشێت کوڕێك، کچێك، یان ژنێك، پیاوێك هەڵخەڵەتابێ. ئەگەرچی واتا ئیدیەمییەکەش لە واتای زمانیی پەیوەست بە دونیای واقعی کوردو کەلتوری (بەشودان)ەوە هەڵهێنجراوەو لە ئاکامدا بووە بە فۆڕمو واتایەکی ئامادەبووی فەرهەنگیی لە زماندا. کەواتە لە ئیدیەمەکاندا دەشێت دروستە سینتاکسییەکان هەمان دروستەی سینتاکسیی بن، بەڵام بە ئەگەری جیاوازی واتاییەوە، کە ئەمەش بۆ واتای ئیدیەمیی و نائیدییەمیی دەگەڕێتەوە، هەروەك لە ئەگەری یەکەمدا کرداری (بەشودان) نائیدیەمییەو لە ئەگەری دووەمدا ئیدیەمییە.

کەواتە بەپێی ئەو ڕاڤەکردنانەی سەبارەت بە زانیاریی کردارەکان لە چوارچێوەی کەتیگۆریی پڕۆتۆتایپیدا ئەنجاممان‌دا، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە کردارە پڕۆتۆتایپییەکان هەڵگری لێکدانەوەیەکی سادەی پڕۆتۆتایپین و کردارە نا-پڕۆتۆتایپییەکان هەڵگری لێکدانەوەیەکی نائاساین، یان بە رستەیەکی دیکە هەرچی کرداری پڕۆتۆتایپییە، مارکەلێنەدراون و لە سنوری سیمانتیکدا شیدەکرێنەوە، بەپێچەوانەوە کردارە نا-پڕۆتۆتایپییەکان مارکەلێدراون و توانای

بەزاندنی کۆتە سیمانتیکییەکانیان هەیە، هۆکاری ئەم بەزاندنەش بۆ جۆرو چۆنێتیی ئەو کۆزانیارییەی بە فۆڕمە زمانییەکەوە دەلکێنرێت، دەگەڕێتەوە.

هەر لەتەك ئەمەشدا ئەو کردارەی دەبێتە کردارێکی نا-پڕۆتۆتایپیی، هەڵگری خەسڵەتێکی دژ بە پڕۆتۆتایپی کەتیگۆرییەکە دەبێت، کە وەك زانیاریی پڕاگماتیکی لە چەمکی کردارەکەدا هەڵدەهێنجرێت. بۆ نمونە خەسڵەتی دژ لە کردارێکی وەك (بینین، بیستن، بۆنکردن)دا، کە مەیلی بوون بە پڕاگماتیکیان هەیە، بریتییە لە (- بینین، - بیستن، - بۆنکردن) لە واقعدا، بۆ نمونە کە دەوترێت (ئەم شوێنە بۆنی خیانەتی لێدێت.) ئەوە تەنها وەرگرتنی چەمکی بۆنکردنە، نەك کردەی بۆنکردن، یان (بینین)، لە رستەیەکی وەك (ئەو داهاتووی خۆی ئەبینیَ.) بریتییە لە (-بینین)و وەرگرتنی چەمکی میتافۆری بینین، چونکە لە واقعدا کردەی بینین بۆ شتێکی بەرجەستەیە، کە توانای بینراوێتی هەبێت، نەك شتێکی نابەرجەستەی خەیاڵیی، هەر ئەمەش کاریگەریی لەسەر چۆنێتیی سازدانی رستەکە دەبێت.

بەمپێیە هەرچی کردارە پڕۆتۆتایپییەکانە، وەك ئەندامێکی کۆپیکراوەی کەتیگۆرییەکە دیاریدەکرێتو لێکدانەوەیەکی سیمانتیکییانە هەڵدەگرێت، ئەم لێکدانەوەیە دەشێت بەهۆی فیچەرە زمانییەکانەوە، یان فیچەرەکانی دونیای دەرەوەی زمانەوە دەستەبەربکرێت. بەرامبەر بەمە کردارە ناپڕۆتۆتایپییەکان بەهۆی چەشنە کۆزانیارییەکانەوە هەڵدەهێنجرێنو کاریگەرییان لەسەر دروستەی رستەکە دەبێت.

## ئەنجام

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەسەر دوو ئاست دیاریدەکەین:

١. لەسەر ئاستی فەرهەنگ

أ. واتای سیمانتیکی کۆمەڵایەتیی لە ئەنجامی کارلێککردنی زمان و رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەدیدێت، لەکاتێکدا واتای پڕاگماتیکی/ زانیاریی پڕاگماتیکیی، تەنها ئەنجامی پێکداچوونی زمان و رەهەندە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکو لە ئەنجامی تواناو کارامەیی قسەکەر لە کەڵکوەرگرتن لە کۆزانیاریی دەرەکیی بەرهەمدێت.

ب. بەپێی تیۆری پەیوەست، لە پڕۆسەی ئاخاوتندا، ئەو وشانەی هەڵگری زانیاریی پڕاگماتیکین، زانیارییە پڕاگماتیکییەکەیان بەرلە زانیارییە سیمانتیکییەی لەلایەن گوێگرەوە دەناسرێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە ئەم چەشنە وشانە بە واتا و زانیارییە پڕاگماتیکییەکەیانەوە لە فەرهەنگدا تۆماربکرێن.

ج. کردارەکان لە زمانی کوردیدا مەیلی بوون بە پڕاگماتیکیان هەیە، بەپێی تیۆری پڕۆتۆتایپ، ئەو کردارانەی دەبنە هەڵگری زانیاریی پڕاگماتیکیی، دەبنە کردارێکی نا-پڕۆتۆتایپی بە کەتیگۆرییەکەی، ئەمەش لە ئەنجامی خەسڵەتێکی دژ بە پڕۆتۆتایپی کەتیگۆرییەکەی، کە ئەنجامی کارامەیی قسەکەرەو بە کەڵکوەرگرتن لە چەشنە کۆزانیارییەکان، بەرهەمدەهێنرێت.

٢. لەسەر ئاستی رستە

(کردار) لە زمانی کوردیدا حوکمی رستە دەکات، لەبەرئەوە کاتێك بە زانیارییە پڕاگماتیکییەکەوە بەکاردەهێنرێت، ئەوا کاریگەریی لەسەر دروستەی رستەکە دەبێت، ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ تۆمارکردنی زانیاریی پڕاگماتیکیی لە دەروازەی فەرهەنگیدا.

## سەرچاوەکان


١. بەزمانی کوردی:

- کتێب

١. ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕاگەیاندنو چاپو بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٢. محمدی محوی، کاروان عمر، شیلان عمر(٢٠١٠)، دروستەی کردار بنەماو دیاریدە، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٣. محەمەدی مەحوی(٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك وابەستە، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- نامەی زانکۆیی

٤. شیلان عمر، (٢٠١١)، پەیوەندی سینتاکسو سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

- گۆڤار:

٥. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣)، نواندنی زانیارییە زگماکییەکانو دروستەی فۆرمە گۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ.(٣٨)

٦. محمد عومەر عەول، (٢٠١٠)، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتنو ئەرکەوە، گۆڤاری کوردۆلۆجی، لا٣١٠، ژ. (٣)

٢. بەزمانی ئینگلیزیی:

7. Aitcheson, J. (2014), Understand Linguistics, UK.

8. Boroditsky, L. (2011), Cognitive psychology, How Language Shapes Thought, Scientific American.

9. Evans, V. & Green, M. (2006), Cognitive Linguistics An Introduction, Edinburgh university press.

10. Geeraerts, D. (2006), Cognitive Linguistics: Basic Readings, Duetsche Nationalbibliothek, Berlin.

11. Gleitman, L. & Papafragou, A. (2004), The Cambridge handbook of thinking and reasoning, language and thought, Cambridge.

12. *Geeraerts*, D, (2006), Cognitive Linguistics: Basic Readings, Duetsche Nationalbibliothek, Berlin.

13. Hadley, G. (1997), Journal of Psycholinguistic Research, Lexis and Culture: Bound and Determined? Vol. 26. No. 4

14. Henk J. Verkuyl, (1998), Stereotyping, Prototyping and Figurative Use: Towards a Proper Semantic Analysis, Utrecht Univ.

15. Jeffrey L. Elman. (2011), The Mental Lexicon, Lexical knowledge without a lexicon? John Benjamins Publishing Company.
16. Jeffrey L. Elman. (2014), an alternative view of the mental lexicon, TRENDS in Cognitive Sciences Vol.8, Elsevier.
17. John R. Taylor. (1995), Linguistic Categorization, Prototyps in Linguistic Theory, Second Edition, Oxford.
18. Kersten, S. (2010), The Mental Lexicon and Vocabulary Learning, Narr Verlag, Francke.
19. Lobnar, S. (2002), Understand Semantics, Oxford University Press, Britain.
20. Tamariz, M. -Martel Mirêlis. (2004), Exploring the Adaptive Structure of the Mental Lexicon, PhD University of Edinburgh.

٣- پێگەی ئینتەرنێت:

21. http://www.youtube.com/watch?v=x8HIAVTeGNk

## ملخص البحث

هذا البحث بعنوان "المعلومات البراغماتية في الافعال"، البحث يربط المعلومات البراغماتية بافعال اللغة الكردية، وهذه المعلومات تكتسب من مهارات الناطقين بها عن كيفية استخدام اللغة والمجتمع والثقافة، ويؤثر على تشكيل بنية الجملة، متصلة بالمعلومات البراغماتية.

لهذا الغرض تم تقسيم البحث إلى ثلاثة فصول، الفصل الأول بشكل عام يتحدث عن المعجم Lexicon، المعجم العقلي Mental Lexicon وأوجه القصور في المعجم العقلي في إنتاج الجمل البراغماتية.

الفصل الثاني، يعرض أنواع المعرفة knowledge وأهميتها في تشكيل المعلومات البراغماتية.

وفي فصل الأخير من البحث، تم ربط الفصل الاول والفصل الثاني من البحث عن طريق نظرية النموذجي Prototype Theory بالفصل الثالث، حسب هذا البحث: أي الفعل يحمل المعلومات البراغماتية، هو فعل غير نموذجي لفئته، وكشكل من أشكال الافعال البراغماتية له دور في إنتاج الجملة البراغماتية. في المقابل، اذا كان عنصر نموذجي من فئته، وقتها يحمل تفسير دلالي او يفسر على المستوى الدلالي.

## Abstract

This research entitled **‘Pragmatic Information of Verbs’** deals with the pragmatical information related to Kurdish verbs, in such a way this information is explored out of the native speakers’ skills of how to use language, society and culture, and how to affect the formation of the structure of the formed sentence related to pragmatic information.

For this purpose, the research is divided into three chapters. Chapter one generally talks about lexicon, mental lexicon, and the shortcomings of the mental lexicon in producing pragmatic sentences. Chapter Two, presents kinds of knowledge and their significance in forming pragmatic information.

The last Chapter of the research joins the first and the second chapter with this part by applying prototype theory, accordingly any verb carrying pragmatic information, can be non-prototypical to its category, and as a pragmatic verb form can have its role in producing pragmatic sentences. In contrast, a verb prototypical to its category is a holder of semantic interpretation.